# چێشت لێنان

## ٢-٢



فەلەکەدین کاکەیی

لەوتاری پێشوو دەمویست باسی ئەم دیاردەیە بکەم... کە دابونەریتی«خواردن» لەم نیشتیمانەدا دەبێ بگۆڕێت. بەخۆم نانازم. منیش خەڵکی ئەم ئاووخاکەم. وەکو بەزاری "لوڕی -لەکی" دەڵێن: (هەموو لەکین، چوون یەکین). کەسمان لە کەسمان خراپترنین، کەسمان لە کەسمان باشتر... (ئەویش لەبواری خواردندا)... لەگەڵ جیاوازییەک-کەجێگەی خۆیەتی- هەندێ کەس، بەژیری و زانین و بڕوا، خواردنی خۆیان ڕێک خستووە. کەم دەخۆن. ڕێک دەخۆن. ناهێڵن دیلی (گەدەی بن، بەڵکو بەزەییان بەو گەدەیە دێتەوە، زیاد لە پێویست زەحمەتی نادەن. ئەمانەی کە هێمن و ئارام و میانەڕۆن لە خواردندا، گرەویان بردۆتەوە. بەڵام زۆر کەسمان نەیتوانیوە، یا لەسەرەتاوە ڕانەهاتووە لەسەر میانەڕۆیی و هێدی هێدی. نامەوێ، لێرەدا، ببم بە ئامۆژگار، یا ڕێنوما. چونکە لەم بوارەدا بەخۆم__لەسەرەتاکان-، لە(پڕخۆری) کەمتەرخەم نەبوومە. ئەمەش ڕەخنەیەکی ترە، بەڵام ڕەنگە زۆر درەنگ بێ. بەڵام مرۆڤ تەنیا بۆ خۆی نانووسێت و، بۆخۆی کارناکات. کۆمەڵگایەک هەیە. ملیۆنەها مرۆڤ خاوەن ئایندە و چارەنووس. تەمەن و ژیانیان لە پێشە. هەر بۆیەش، وەکو پەیوەندی ژیان، کێشەی(گەدە) و دەردەکانی دەگێڕمەوە. بابڵێین تاقیکردنەوەیە بەئێوەی دەگەیەنم.

بەڵێ... گۆڕانکاری لەسیستەمی خواردن، ڕێوڕەسمی خواردن، چێشتلێنان، و بابەتەکانی، ئەرکێکی گرنگە، هەنگاوێکی بەهێزی چاکسازییە. چاکسازی، تەنیا گۆڕانکاری لە هەیکەل و شتە گەورە و بەرچاوەکان نییە.

چاکسازی لە کاروباری وردو، ڕۆژانەوە، هەمیشەیی، بەئەندازەی گۆڕانکاری سیاسی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی گرنگە.

ڕەنگە گۆڕینی کابینە، یاوەزیر، یا ئەندامی پەرلەمان و، کارمەندی باڵا، زۆر زۆر ئاسانتربێ لە گۆڕینی (دابونەرێت) ڕەفتاری ڕۆژانە، وەکو شێوەی خواردن، شێوەی نووستن، شێوەی دەربڕین و گفتوگۆی سادە.

گۆڕینی دابونەریتی خواردن، بەڵکو زۆر زۆر زەحمەت بێ، ئەگەر نیمچە مەحاڵ نەبێ. هەر میللەتێک دابونەرێت و ڕێوڕەسمی خواردنی خۆی هەیە. هەر میللەتێکیش جۆرەها خواردنێکی هەیە، ڕەنگە بەخەڵکی دی قووت نەدرێت. ئەم بابەتە زۆر دەکێشێت. دەچمەوە سەر کرۆکی باسەکە، کە ڕێکخستنەوەی سیستەمی خواردنە، چ لە چێشتخانە، یا لەماڵ. خۆ... لەلیستی جۆرەکانی خواردن، شلەوبرنج، لە ماڵان و چێشتخانەکان، سەردەستەیە.

بێهونەری لە چێشتخانەی کوردەواریدا ئاشکرایە، مەگەر هەندێ خێزان، لەماڵەوە فێربوونە، سفرە دەڕازێننەوە، هونەریان پێوە دیارە.

نامەوێ، لێرە، وانەی چێشتلێنان بڵێمەوە، چونکە منیش شتێکی ئەوتۆی لێ نازانم. سەردەمێک، لەلاوێتی- ئەویش لەبەر ناچاری- فێری لێنانی (قبولّی)، (ساوەر)، و هێلکەورۆن و خورماورۆن... کە هونەرنین، هەروەها (مریشک کولاندن)، پەتاتە(گرتۆپە)... برژاندن، کولاندن، سورەوەکردن... یا قارچک برژاندن... ئەمەش هەر بۆ گەپی دەڵێم، کە لە قارچک ئاسانتر نییە، نە دەنەی هەیە، نە ریخۆڵە، نەقتووک، نە گەدە... بیخەرە سەر ئاگر و پاش ئەوەی چزەچزی دێ دایگرە و بیکەرە لەفە... لەگەڵ مێگەل بووین، بەچیلەی دەشت ئاگرمان دەرکردەوە و قارچکمان دەخستە سەر.

کە باسی(پڕخۆری) دەکەین، ئەوانەشمان چاک لە بیرە، کە نەبوویانە و نییانە بخۆن، چ بگات بە پڕخۆری. هەمیشە کەسانێکی نەدار، هەژار، نیمە برسی، یا برسی هەنە. کەرتێکی هەمیشەیین (لەمێژووی بەشەردا)، چ کەم چ زۆر. خەڵکانێکی پڕخۆر وەختێک هیچیان نەبووە، یاکەمیان هەبووە، بخۆن...تاد!

ئەو ناعەدالەتی و بێ دادگەرییەش سەرباری دەردەکانە. هەنە، کە هەیانبێت، پڕخۆرن. هەنە کەسانێکیش برسی، یانیمە برسین. دەتوانین بڵێین: بەرامبەر هەر(پڕخۆرێکی زەبەلاح) چەند برسی و نەدار هەنە!! واتە: لەوکاتەی کەتۆ تێری تێر دەبی... دەبێ بیربکەیتەوە کە پشکی یەکێک یا چەند کەسی ترت خواردووە! ئەمما پوختەی بابەتەکە: لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ خاوەن و کارگەرانی چێشتخانەکان و، بۆ ئەو مێوانانەی کە دادەنیشن و دەخۆن، لەگەڵ ڕێزوحورمەتم بۆ لایەنانی پەیوەندار لە حکومەت و کۆمەڵ، ... پێشنیارێک دەخەمە بەردەست، بەڵکو بە هەموو لا چارەیەکی سیستەمی خواردنی چێشتخانەکان بکەین، بەوەی کەمتر دابنێن، بەڵام چێشتخانە لە دابەزینی نرخ زیان ناکات، چونکە لەبەر هەرزانی، مێوانی زیاتری بۆ دێ. بەو شێوەیە زیانی( ئیحتیمالی) قەرەبوو دەبێ. بەلای منەوە، بەرێکخستنەوەی گرنگترین کار، کە پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەو، گەدە و تەندروستییەوە هەیە، هەنگاوێکی چاکی چاکسازی کۆمەڵ بەرەو پێش دەچێ. ئەمەش لێکۆڵینەوە و ووردبوونەوەی دەوێ، بەرژەوەندی فرۆشیار و کڕیار لەبەر چاو بگیرێ (نەشیش بسوتێ و نەکەباب).



أسماء الألوان / دوا ستەرنج / الصفحة: ٨٠ / ١٧/١١/٠٨ / 11:04 PM